# کەنەدات باش وەیسی هاورێم ، دڵنیابە تۆ سەرۆکی ؟!

**ئاسۆعەبدوللەتیف**

هاورێم کاك نورەدین وەیسی بابەتەکەتم خوێندەوە بەبۆنەی جەژنی نیشتیمانی کەنەداوە، دەست خۆش، لێ هەستم بە غوربەت و غەریبی ووشەکانت ئەکرد، بۆیە خێرا ووتم نەبا نورەدین بێتەوە با فریاکەوم و بەم نامەیە لە سلێمانییەوە بەسەری بکەمەوە نەبا بێزار بووبێت لەو ئازادی و شەفافیەتەی ئەوێ.

تۆ لەوێوە دڵنیابە زۆرترین مەساحەی ناشیرینیەکانی ئێرە ئەبینیت و قسەیان لە بارەوە ئەکەیت کە ئێمەومانان هەرگیز نایکەین و ناوێرین و نایبینین، مەگۆڕێ و بیری ئێرە مەکەرەوە تکایە، ئێرە هەر وەکو جاران وەهایەو تۆزقاڵێك نەگۆڕاوە،ئەگەر بشگۆڕێت دڵنیابە گۆڕانەکە تەکنیکی و فۆرمەو لە دیکۆروبەرزکردنەوەی ڤێللاوموسابەقەی جوانترین سەیارەی مەسئول و کوڕو کورەزاکانیاندایە نەك گۆڕان لە عەقڵ و بیرکردنەوەکان .

لێرە تائێستاش کەس سەرۆك نیە و ئیعتراف بۆ سەرۆك زۆر زۆر قورسەقورس ئەزانی بۆ؟ چونکە ماف سوك سوکە وەك پوش و پەلاش، هەرکاتێ ماف قورس بوو پێماندراو جیاوازی ماڵی کاشی وفاشی نەماو پرۆژەی وەك یەکی و دادوەری لە دەسەلاتەکان یەك لە سەدیش جێبەجێ بوو ئەوکات عاقیبەت خێری ئەم نیشتیمانە وەك کەنەدا دەست پێ ئەکات و سەرۆکی پەرلەمانەکەشمان و وەزیری دادەکانیشمان بەکوردی یاساکان ئەنوسنەوە و فێر ئەبن.

بەلام نورەدینی هاورێم .. تۆ زۆر بەختەوەریت، تۆ سەرۆکیت، تۆ مافەکانت لەوێندەر قورسەو پارێزراوە وەکو سەرۆکەکانی ئێمە ئیتر بۆ بیری ئەم وێرانەیە ئەکەیت، توخوا سەرۆك قەت بیری جەنگەڵ ئەکات؟!

بەس نیە ئەگەر چویتە خەستەخانەو عەمەلیاتت بۆ کرا بە ووردبینیەوە ئەیکەن و ژیانت ئەکڕنەوەو رێزلێ گیراویت؟! هەمیشە ئەوترێت کوردستان خۆش و دڵگیرە وەك ئەوەی کەنەدا تا ئەورووپا تاریك و دڵکوژبێت، بۆ من و سەدان گەنجی وەکو من هاورێ قەت دڵگیر نیە و خۆشیش نیە یان ئەوترێت ( بەرد لەجێی خۆی سەنگینە) وەك ئەوەی بەردەکانی رۆژئاوا سەنگین نەبن و هەموویان نەکرابن بەپرۆژەی تەلارسازی جوان ودەیان کاری هونەرییان تێدا نەکرابێت، جاخۆلێرە بەردنەما نەیگرنە یەکتر خۆت ئەزانیت ئیتر چما سەنگینە، بۆ ئێمە شوێنی خەوتن و ئیسراحەتمان هەیە تا سەنگینیمان هەبێت،شوێن نەما مەسئولی حیزبی داگیری نەکات و جوانی نەما تابۆی نەکەن و ئەرزەش نەما پاوانی نەکەن و بازارو کۆمپانیاش نەما موساهەمەی نەکەن، کەسیش زاتی ئەوەناکات بڵێ بە بەرپرسێك ئەوەت لەکوێ بوو چۆنت پەیداکرد؟ وەك خۆت ووتەنی ئەتکوژن ! ئەی سەرۆکی حکومەتەکانمان قەت پرسیویانەتەوە لە وەزیرێك لە پەروەندەو لە باخەڵ و سەرمایەکانیان، لە دروستکردنی خانووی کورەکانیان، پرسییان وا بەو زووییە چۆن دەوڵەمەند بوون؟ هاورێم کوشندەترین شت لە دونیای کوردیدا نەبوونی پرسیارو لێپرسینەوەو گومانکردنە، ئەزانی بۆ چونکە دیموکراسیەتی ئەزموونی کوردستان دیموکراسیەتێکی تازەو ناوازەیە ؟! وایە وایە.

بۆیە هاورێم ئەگەر نەگەرێیتەوە پارێزراو و سەرۆکی، بشگەرێیتەوە سەرگەردان وگەرۆکی....